# قۆناغەکانی فەرز بوونی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( مراحل فرض صيام شهر رمضان )

« باللغة الكوردية »

إعداد : زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# قۆناغەکانی فەرز بوونی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان

گومان لەوەدا نیە ڕۆژوو نارەحەتی وماندووبوون وبەرگەگرتنی برسیەتی وخۆ گرتنەوەیە لەو هەمووە نازونیعمەتەی کەخوای گەورە داویەتی بەمرۆڤەکان، هەر بۆیە دەبینین کەگرتنی ڕۆژوو ئەرك وقورسی وبارگرانیە لەسەر دەروونی ئادەمیزاد بۆیە پەروەردگار پاداشتی زۆر گەورەی بۆ داناوە، وەلەسەرەتای هاتنی ئیسلامیشەوە بەسێ قۆناغ ومەرحەلە فەرزکرا بەسەر باوەڕداراندا، لەبەرئەوەی خوای گەورە دەرون ونەفسی موسڵمانان ڕابهێنیت تاوەکو لەپاشتر گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان ئاسایی بێت بەلایانەوە.

**قۆناغی یەکەم :** فەرزکردنی ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی عاشورا کەئەکاتە دەیەمین ڕۆژ لەمانگی موحەڕەمی ساڵی کۆچی کە یەکەمین مانگە لەمانگە کۆچیەکان :

لەم بارەیەشەوە چەند ڕیوایەتێك هاتووە، لەوانە:

**-** عن ابن عباس - رضي الله عنهما - قال: قدم النبي - صلى الله عليه وسلم - المدينة فرأى اليهود تصوم يوم عاشوراء فقال: **{ مَا هَذَا قَالُوا هَذَا يَوْمٌ صَالِحٌ، هَذَا يَوْمٌ نَجَّى اللَّهُ بَنِي إِسْرَائِيلَ مِنْ عَدُوِّهِمْ فَصَامَهُ مُوسَى، قال: فَأَنَا أَحَقُّ بِمُوسَى مِنْكُمْ فَصَامَهُ وَأَمَرَ بِصِيَامِهِ }** [رواه البخاري ١٨٦٥].

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەباس ( خوا لێیان ڕازی بێت ) ئەگێڕێتەوەوە ئەڵێت : کاتێك پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت ) کۆچی کرد وهاتە مەدینە بینی کەجولەکەکان ڕۆژووی ڕۆژی عاشورا دەگرن، فەرمووی : ئەمە چیە؟ ووتیان : ئەمە ڕۆژێکی زۆرباشە-لەڕیوایەتێکی تردا هاتوە کە ووتیان : ئەمەڕۆژێکی گەورەیە- ئەمە ڕۆژێکە خوای گــەورە بەنوئیسرائیلی لەدەست دوژمنەکەیان ڕزگارکرد - واتە لەدەست فیرعەون - حەزرەتی موسی ( عليه السلام ) ئەم ڕۆژە بەڕۆژوو بوو، ئەمجا پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت ) فەرمووی : " من لە پێشترم بەموسی لەئێوە " - بەو مانایەی هەموو

پێغەمبەران برای یەکتر وتەواوکەری یەکتر بوون - خۆی ئەو ڕۆژەی گرت و فەرمانی کرد بەباوەڕدارانیش بەڕۆژوو بن .

ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە ڕۆژووی عاشورا فەرز بوو لەسەر موسڵمانان .

**- عَنْ عَائِشَةَ ( رَضيَ اللهُ عَنْهَا ) قَالَتْ : كَانَتْ قُرَيش تَصُومُ عَاشوراءَ في الجَاهلِيةِ، وَكَانَ رَسُولُ اللهِ ( صَلَى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم ) يَصُومُهُ، فَلَمّا هَاجَرَ إلى المَدينَةِ صَامَهُ وأمَرَ بِصيَامِهِ، فَلمَّا فُرِضَ شَهرُ رَمَضَانَ قَالَ : " مَنْ شَاءَ صَامَهُ وَمَنْ شَاءَ تَرَكَهُ "** { متفق عليه } واتە: عائیشـەی دایکی باوەڕداران ( خوای لیٚ ڕازی بێت ) ئەگێڕێتەوەو ئەڵێت : قورەیش لەسەردەمی نەفامیدا ڕۆژووی عاشورایان دەگرت، لەهەمان کاتدا پێغەمبەریش ( دردوی خوای لەسەر بێت ) ئەم ڕۆژووەی دەگرت، وەکاتێکیش کە کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە هەر ئەم ڕۆژووەی دەگرت وفەرمانیشی کرد بە- موسڵمانان - بەگرتنی، وەکاتێك کە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان فەرزکرا لەسەر باوەڕداران پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بیت )فەرمووی : هەرکەسێك ئەیەویت ڕۆژووی عاشورا بگرێت با بیگرێت ئەوەشی نایەویت بیگرێت ئەتوانێت تەرکی بکات ونەیگرێت .

ئەمەش بەو مانایە دێت ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە گرتنی ڕۆژووی عاشورا بووە بەسونەت و بەفەرزی نەما لەسەر باوەڕداران .

**قۆناغی دووەم :** پاشان وەك ووتمان رۆژووی عاشورا حوكمی فەرزبوونی هەڵگیرا وسڕایەوە( نەسخ بوویەوە) ولەجێگایدا خوای گەورە ڕۆژووی مانگی رەمەزانی فەرزكرد، بەڵام فەرز كردنیك لەنێوان ئەوەی ئەگەر وویستت ڕۆژوو بگریت بیگریت، وەئەگەر وویستت نەیگریت ئەتوانیت ( فدیة ) كەی بدەیت لەبری هەر ڕۆژێك نەگرتنی ڕۆژوو خواردنی هەژارێك بدەیت، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت : **( يا َيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ* أَيَّاماً مَّعْدُودَاتٍ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ فَمَن تَطَوَّعَ خَيْراً فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ وَأَن تَصُومُواْ خَيْرٌ لَّكُـــمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ*** ) { البقرة : ١٨٣ - ١٨٤ } واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەرتان فەرزكراوە، هەروەك لەسەر گەلانی پێش ئێوە فەرز كرابوو، بۆ ئەوەی خواناس وبەتەقوابن * چەند ڕۆژێكی ژمێرراوی دیـــاری كراوە( كەمانگی رەمەزانە ) خۆ ئەگەر كەسێك لەئێوە نەخۆش بوو یان لەسەفەردا بوو با

بەئەندازەی ئەو ڕۆژانەی بۆی نەگیراوە لەڕۆژانێکی تردا بیانگرێتەوە، وەئەوانەشی کە ئەتوانن بیگرن - ولەجێگای خۆشیانن وموسافیر نین - سەرپشکن لەنێوان گرتن وفدیەدا - ئەگەر نەیگرت ئەوا با لەبری هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێك بدات خۆ ئەگەر زیاتر لەوەش بدات ئەوە خێرە بۆی، وەئەگەر ڕۆژووەکەش بگرن باشتر وخێرترە لە( فدية ) دان بۆتان، ئەگەر بزانن .

لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا ابن الكثير ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ئەڵێت : ئەوانەشی کەدەتوانن ڕۆژوو بگرن خوای گەورە مۆلەتی دابوون وسەرپشکی کردبوون لەنێوان گرتنی ڕۆژوو وەیان دانی ( فدية ) کەبریتی یەلە خواردنی هەژارێك بۆ نەگرتنی هەر ڕۆژێك خۆ ئەگەر خواردنی زیاتر لەهەژارێکیش بدات ئەوە خێری زیاترە، وەگرتنی ڕۆژووەکەش لە فدية دان خێری زیاترە بۆ باوەڕداران ( ئەمەش ووتەی هەریەك لەعەبدوڵڵای کوڕی مەسعود وعەبدوڵڵای کوڕی عەباس وموجاهید وطاوس وموقاتل وکۆمەڵێکی ترە لەسەلەف ..... ) ( تفسير القران العظيم لابن كثير، بەرگی ١/ لاپەڕە ١٧٥ ) .

**قۆناغی سێهەم :** لەم قۆناغەدا کەقۆناغی کۆتایی بوو، خوای گەورە مانگی ڕەمەزانی فەرزکرد لەسەر هەموو موسڵمانیك بەبێ سەرپشك بوونیان لەگرتن وکەفارەت دان، بەو واتایەی ئەو حوکمە سڕایەوە کە لەقۆناغی پێشوتردا باسمان کرد، وەك ئەوەی کەئێستا هەموو موسڵمان وباوەڕدارانی لەسەرە، ئەویش پاش ئەوەی خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند بۆ پێغەمبـــەری ئازیز ( درودی خوای لەسەر بێت ) کـــەدەفەرموێت : **( شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَن كَانَ مَرِيضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ اللّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُواْ الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُواْ اللّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ )** { البقرة : ١٨٥ } واتە: مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە کەقورئانی تیادا هاتووەتە خوارەوە، لەکاتێکدا ئەم قورئانە ڕینمونی بەخشە بۆ خەڵکی وبەڵگەی زۆری تێدایە بۆیان لەڕێنمونی وجیاکردنەوەی ڕاست وناڕاست وحەق وناحەق، جا هەرکەسێك لەئێوە مانگی رەمەزانی بینی - یان هەواڵی بینی پێدرا وەك لەفەرمودەدا هاتووە- با ئەو مانگە بەڕۆژوو بێت، ئەوەش کەنەخۆش بێت یان لەسەفەردا بێت با لەڕۆژانی تری پاش ڕەمەزاندا بەو ئەندازەیەی کەڕۆژووی شکاندوە بیانگرێتەوە، چونکە خوای گەورە ئاسانکاری بۆ ئێوە دەویت و

نایەویت عیبادەت وفەرزەکانتان لەسەر قورس وگران بکات، بۆ ئەوەی ئەو ماوە دیاری کراوە تەواو بکەن وخوا بەگەورە بگرن وسوپاسگوزاریشی بکەن لەسەر ئەوەی کەڕینمونی کردوون .

زانایانی تەفسیر ئەڵین کاتێك خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند ڕۆژووی بەتەواوی فەرز وجێگیر کرد لەسەر کەسی جێگیری ( المقیم ) ی تەندروستی ساغ وسەلیم، وەمۆڵەت وروخصەتی دا بەنەخۆش وموسافیر کە ئەتوانن ڕۆژوو بشکێنن ونەیگرن بەڵام کاتیك چاك بوونەوە یان گەڕانەوە شوێنی خۆیان لەپاش ڕەمەزان ئەو ڕۆژانە قەزا بکەنەوە کە نەیانگرتووە لە ڕەمەزاندا { بڕوانە تەفسیری ابن کثیر بەرگی ١/لاپەڕە١ ٧٦ } .

بەڕێزان بەم شێوەیە بۆمان ڕوون بوویەوە کەخوای گەورە لەفەرزکردنی عیبادەت وواجباتەکانی دینەکەیدا ڕەچاوی قۆناغەکانی زۆر بەووردی کردوە تاوەکو هێواش ولەسەرخۆ دەروونی باوەرداران ڕابهێنێت لەســـەر ئەنجـــام دانیان، هەروەك چۆن ئــەم ( تەدەڕوج  ومەراحلانە) لەتەواوی حوکمە شەرعیەکانی تریشدا رەچاوکراوە.

هذا وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته .